## لە دوو یاریدا دوو یانە ماڵئاوای لە کاسی ئەوروپا دەکەن (شامپیۆن)

شەوی 4 / 4 / 2006 لە گرنگترین یاری خولی کاسی ئەوروپا دا (شامپیۆن) لە نێوان یانەی ڤیلەڕیاڵی ئیسپانی کە میوانداریێتی یانەی ئەنتەری ئیتاڵیا دەکات، گرنگی ئەم یاریە لەوەدایە دەبێت یانەیەك ماڵئاوای بکات لە خولەکە چونکە لە یاری یەکەمدا ئەنتەر سەرکەوت بە دوو گۆل بەرامبەر بە یەك گۆڵ ئەگەر یانەی ئەنتەر یەکسان بیت لەگەڵ ڤلەڕیاڵدا واتە ئەنتەر دەچێتە دەوری چوارەمەوە، ئەیسی میلان لە شاری میلان میوانداریێتی یانەی لیۆنی فەڕەنسی دەکات، هەرچەندە یاری یەکەم یەکسان بوون بەبێ گۆڵ، یانەی ئەیسی میلان دەبێت یاریەکە بباتەوە تابتوانی بگاتە دەوری چوارەم، یەکسان بوونی ئەم یارییە بە گۆڵ لە بەرژەوەندی یانەی لیۆنە.
هەمان خول یانەی یۆڤانتسی ئیتاڵی میوانداریێتی یانەی ئەرسناڵی ئینگلزی دەکات لە ئیتاڵیا هەرچەندە یاری یەکەم ئەرسناڵ توانی سەربکەوێت بەسەر یانەی یۆڤانتس دا بە 2 گۆڵ بەرامبەر بە هیچ، وا پێش بینی دەکرێت کە یانەی ئەرسناڵ سەرکەوتنی دووم بەدەست بهێنێ لەگەڵ یانەی یۆڤانتس دا چونکە زۆر لە یاریزانانی یۆڤانتس ناتوانن یاری بکەن لەبەر وەرگرتنی کارتی سوور لە یاری یەکەمدا، ئەگەر یاریەکە بە یەکسانی کۆتایی بێت ئەوە لە بەرژەوەندی یانەی ئەرسناڵە، یۆڤانتس بەمەرجێك دەچێتە دەوری چوارەمەوە دەبێت لە 3 گۆڵ کەمتر نەکات بەرامبەر بە هیچ تا بگاتە دەوری چوارهەمی خولەکە. یاری کۆتایی کاسی ئەوروپای ئەم ساڵ لە مانگی پێنج دەکرێت لە پاریس (15 / 5 / 2006) لەبەر نزیك بوونەوەی یاریەکانی مۆندال لە ئەڵەمانیا کە لە بەرواری 10 / 6 / 2006 دەست پێدەکات.

ئامادەکردنی
ئەنور خەراجیانی
پەیامنێری کوردستان نێت





TAMOIL


6
10
NEDVED
11